ROJî GEl , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# ژووانگە

# ئاراس: دایکم هاوکاری کردووم



ئاراس مەولود، ساڵی 1982 لە شاری دەربەندیخان چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە، ئێستا وەک سترانبێژێک بەهرەی خۆی پێشکەش بە کوردستانیان کردوە، بە باشمان زانی چەند پرسیارێکی لێبکەین.

**رۆژی گەل:** کەی دەستت بە گۆرانی گوتن کرد؟ کێ هاوکارت بوو ؟

**ئاراس:** من لە سەرەتای خوێندنەوە دەستم بە گۆرانی گوتن کردوە. دایکیشم یەکەمین کەس بووە کە هاوکاری زۆری کردووم.

**رۆژی گەل:**تا ئێستا چەند گۆرانی تۆمارکراوت هەیە؟

ئاراس: شەش کاری هونەریم پێشکەش کردووە زۆر پرۆگرامیشی لە کەناڵی ئاسمانی مەد تیڤی ئەنجام داوە.

**رۆژی گەل:** ئایا کلیپت بۆ گۆرانیەکان کرووە؟ هەروەها کلیپەکانی گۆرانیبێژانی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**ئاراس:** چوار لە گۆرانیەکانم کلیپ کردووە، پێموایە بە باشی کلیپ کراون. هەروەها کلیپە کوردیەکان بە گشتی باشن، بۆیە دەڵێم باشن، چونکە کاری کلیپ لە روانگەی مادییەوە توانایێکی باشی دەوێت.

**رۆژی گەل:** نیازت هەیە لە داهاتوودا بەرهەمی نوێ پێشکەش بە هەوادارانی گۆرانی و مۆزیکی کوردی بکەیت؟

**ئاراس:** من ئێستا 2 گۆرانی تازەم تۆمارکردوە، سەرقاڵی کاری کلیپم بۆیان.

**رۆژی گەل:** هونەری گۆرانی کوردی لە چ ئاستێک لەنگەری گرتووە و بەرەو کام ئاقار دەڕوات؟

**ئاراس:** هونەری کوردی لەنگەری باشی گرتووە، بەرەو سەرکەوتن و گۆڕانکاری تازەو جوانی پێوە دیارە.

**رۆژی گەل:** دواین وتەت؟

**ئاراس:** زۆر سوپاسی رۆژی گەل دەکەم کە منی بەسەر کردۆتەوە، بەڵێنیش بە هەوادارانی دەنگی خۆم دەدەم کە شێلگیرانە لە خزمەت هونەری نەتەوەکەمدا بمێنمەوە، ئەوەی لە دەستم بێ پێشکەش بە کوردستانی بکەم. ئەوەش نیشانی ماڵپەڕەکەمە.

www.arasmusic.de

## ئەستێرەی بەخت

تۆ ئەستێرەی بەختی منی،
بەڵام لەنێو ئەستێرەکاندا بۆت ناگەڕێم!
سیمات لە ئەستێرە رۆشنترە
باڵات لە بەرزایی ئاسمان و
قژت لە پەلکەزێرینەیە
ئەمن چلۆن دەتوانم بزرت بکەم
تۆ نێوت ئەستێرەیە،
کەچی ئادگارت لە مانگی چواردە دەچێ
تۆ رەنگت پەمەییە و
لە گوڵی بەهاران دەچیت،
چاوەکانی تۆ لێوان لێون لە تیشکا
لێوەکانت پڕاوپڕن لە بزە
دەستت تژییە لە ئاگر
هەڵم لەنێو هەناسەتەوە دەردەبێ و
میهر لەنێو پەنجەکانی تۆدا دابەش
دەکرێن!
ئەمن پێمگوتی کە خۆت مەشارەوە
تۆ چەندە دووریش بکەویتەوە هەر
دەتدۆزمەوە،
کەس ناتوانی حەشارت بدات و
بتشارێتەوە،
تۆ لە یاری چاوشارکێ دەچیت
لەچاوترەکانێکدا گرت دەدەم
بچیتە ئەو پەڕەکەی ئاسمانیش
هەر لێم دیاری و دەتهێنمەوە.

**نیگا محەمەدی**

# خانزاد،دواین ئەلبومی عەلا نەباتی




عەلائەدین نەباتی هونەرمەندی شاری بانە بۆ دیاری جێژنی نەورۆز ئەلبومیکی خۆی بڵاودەکاتەوە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست رۆژی گەل کەوتوون، عەلائەدین نەباتی کە تەمەنی حەڤدە ساڵانە، بە هاوکاری تیپێکی مۆزیک ئەلبومێکی نوێی تۆمار کردووە، وەک جێژنانە لە سەری ساڵی نوێی کوردیەوە پێشکەش بە هەوادارانی هونەری گۆرانی و مۆزیکی کوردی دەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەلبومەکە لە هەشت گۆرانی پێکهاتووە، هەریەکە لە ژەنیاران، لاوک لەتیف بە کیبۆرد، شەهباز شاهین بە سەنتور، رامین یوسفی بە کەمانچە، جەلال رەحیمی بە ڤیۆلۆن، رەزا عەبدوڵڵا بە گیتارو، تاهیر عەبدوڵڵا بە تار، تاهیر میرسەیدی بە عود، هاوڕێ شاهینپور بە تەپڵ و عوسمان سور بە نای، هاوکاریان دەگەڵدا کردووە.

هونەرمەند لاوک لەتیف کاری رێکخستنی بۆ ئەنجام داوە، ئاوازەکانیش جۆراوجۆرن و زۆربەشیان لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراون و بەشێوازێکی تایبەت نۆژەن کراونەتەوە. بڕیاروایە هاوکات ئەو ئەلبومە کە رۆژهەڵات و باشوری کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە،

هونەرمەندی گۆرانیبێژ، عەلائەدین نەباتی ناوی لە ئەلبومەکەی ناوە "خانزاد"، ئێمەش پیرۆزبایی لێدەکەین، دەخوازین کە لە خزمەتکردن بە هونەری گۆرانی کوردی بەردەوام و پڕ بەرهەم و تەمەن درێژ بێ.

# گولشیفتەی فەراهانی سینەمای ئێران رۆشن دەکاتەوە



گولشیفتەی فەراهانی لە فیلمی "دەربارە الی" توانی سەرنجی لیژنەی دادوەران رابکێشێ و خەڵاتی ورچی زیوین لە ڤیستیڤالی فیلمی بەرلیندا بۆ فیلمەکە مسۆگەر بکات، ناوبانگێکی گەورەتری بۆ پەیدا بکات.

ئەو فیلمە کە بەهۆی بەشداربوونی گولشیفتەی فەراهانیەوە پێشاندانی لە ئێران قەدەغە کرابوو، بەڵام توانی بگاتە ڤێستیڤاڵی بەرلین و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێ. گوشیفتە کە پێشتر لە فیلمی هالیۆد بەشداری کردبوو، لەسەر فەرشی سوور بە قژی دانەپۆشراوەوە دانیشتبوو، لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بایکۆت کرابوو، رێگەی پێنەدەدرا فیلمەکانی پێشان بدرێن، بەڵام لە فیلمی "دەربارە الی" سەرپۆشی کردبوو، تەنانەت بە رووپۆشەوە لە ڤێستڤاڵی بەرلین بەشداری کردبوو، بەوهۆیەوە لەوانەیە رێگە بە فیلمەکەی بدرێ لە شارەکانی ئێرانیش پێشان بدرێ.

سەبارەت بەو فیلمە، دیتەر کاسلیک بەرێوەبەری پیشەیی ڤێستیڤاڵی بەرلین، گوتویەتی: ' پێموایە کە لە ساڵی رابردوودا بزاڤ و خرۆشاندێکی نوێ لە نێو سینەمای ئێران وەدی هاتووە، ئەم فیلمەش بەرهەمی ئەو بزووتنەوە نوێیەیە'

جێگەی ئاماژەیە کە فیلمەکە بەرهەمی هونەرمەندو دەرهێنەری ناوداری ئێرانی، ئەسغەری فەرهادیە و چەندین هونەرمەندی بەتوانا بەشداریان تێدا کردووە.

# نەبوون،لە بوونێکی لەرزۆک باشترە

لە وڵاتانی دیموکراتیدا، جەماوەر دڵی بە فرەحزبی و ئۆپۆزیسیۆن خۆشە،چونکە ئەگەر دەستەڵات وەکو پێویست لە بەرژەوەندی گەل و نیشتماندا نەجولایەوەو بەڵێنەکانی بەجێ نەهێنا، ئەوە لەلایەن حزبەکانی دەرەوەی دەستەڵاتەوە رەخنەی توندی لێدەگیرێ. بە ئاراستەی جولاندنی رای گشتی کار دەکات، دەیەوێ شەقامەکان پڕ بکرێن لە خەڵک، خۆپێشاندان و رێپێوان بکرێ و دەستەڵات ناچار بکرێ مل بۆ داخوازیەکانی جەماوەر بدات، بەڵام حزبەکانی کوردستان پێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی راستگۆ، چاو لە کەم و کوورِیەکان دەپۆشن، بگرە لەبەر خاتری مشتێک دەستکەوت و بەرژەوەندی حزبی، پەرەپۆشیشیان دەکەن.

ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە بەردەوام دەستەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە، سەرنج و تێبینی لەسەر کارو چالاکیەکانی هەبێ، بە ئاشکرا دەستنیشانیان بکات وهەڵیان بسەنگێنێ، بەداخەوە لە کوردستاندا زۆر بە دەگمەن ئەوە دەبیندرێ. ئەو سیاسەتە جگە لەوەی زۆر بە خراپی بەسەر حزبەکاندا شکاوەتەوە، ئیرادەی جەماوەریشی لاواز کردووە. ئەو جەماوەرەی کە بە دەستی رووتەوە رووبەرووی سەرسەختترین دیکتاتۆر دەبۆوە، نارەزایەتی پێشان دەداو رێپێوانی دەکرد، ئێستا دابەشکراوەو رێگەی پێنادرێ لەبەر بەرژەوەندی تەسکی حزبەکەی، رای راستینی خۆی دیار بکات. ئەگەر ئەندامێک سەرکێشی بکات و بخوازی راستیە پەنگخواردووەکانی دەروونی بدرکێنێ، هەڕەشەی نان برینی لێدەکرێ، بەوهۆیەشەوە ژیان و گوزەرانی خۆی و خێزانەکەی دووچاری مەترسی دەبێتەوە، رەنگە سزا بدرێ و ئەندامێتی لێبەسندرێتەوە. بەو شێوەیە حزبەکان ئیرادەی جەماوەریان لە گیرفانی خۆیاندا هەڵگرتووە ، لەجیاتی ورەو خۆراگریان پێببەخشن، کەچی ئیرادەی جەماوەر تێکدەشکێنن و مرۆڤی خۆپەرست بەرهەم دێنن.

حزبەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بە هەڵوێست وەرگرتن، برواو متمانەی خەڵک وەردەگرن و پێگەی خۆیان بەهێزتر دەکەن، بەڵام حزبەکانی کوردستان دەیانەوێ هەڵوێست نەنوێنن و متمانەی جەماوەرێکی بەرفراوانیش بەدەست بێنن!!

لێردەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە؛ ئایا حزبەکان، جەماوەریان بە ئاوێنە قەبوڵەو لەوێدا سەیری سیمای خۆیان دەکەن؟! ئایا حزبەکان بۆ ئایندەی خۆیان، توانای خوێندنەوەی جەماوەریان هەیە؟!

من پێموایە وەڵام نەخێرێکی هەرگیزاو هەرگیزە. کەواتە بوونی ئەو رێکخراوانە بەو ئەندازەیەی کە خۆیان جەخت لەسەر رەوایەتی دەکەنەوە، بوونێکی ویستراو نیە، لەوانەیە ئاوارتەو کەم رەنگ بێ.

رەنگە بوونی سۆسیالیزم، سۆسیال دیموکرات، چەپ، نەتەوەیی و ئیسلامیش پێویست بن، چونکە ئەوانە جەماوەری خۆیان هەیە، بەڵام دەبێ بوونەکە تۆکمەو پڕ لە هەڵوێست بێ، نەک بوونێکی لەرزۆک و بەرژەوەندخواز.

ئەگەر بوونێک پشت لە ئامانج و بۆچوونەکەی خۆی بکات و لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆی، سازش لەسەر بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتمان بکات، رەوایەتی بوون لە دەست دەدات، رەنگە لە کوردستاندا رێکخراوی لەو بابەتە هەبن کە خۆیان بە کوردستانی نەزانێ، لە عێراقچێتی و تێپەری کردبێ و خۆی بە حزبێکی جیهانی بزانێ، کەچی هەڵوێستی نارۆشنی هەبێ، ئەوکاتە ئەندامانی خودی رێکخراوەکەش بە گومانەوە لێی دەڕوانن، دەکرێ بگوترێ کە نەبوون، لە بوونێکی لەرزۆک باشترە.

**سەرنووسەر دەینووسێ**

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.